ئیسرائیل بەئامانجگرتنی کۆگای مووشەك و سەکۆی هەڵدانی موشەکی لەناوەڕاستی ئێران ڕاگەیاند

ئەمڕۆ شەممە، سوپای زایۆنی رایگەیاند کۆگای مووشەك و سەکۆی هەڵدانی موشەکیان لەناوەڕاستی ئێران بەئامانج گرتووە.

لە ڕاگەیەنراوەکدا سوپای داگیرکەر ئاماژەی بەوە دا "هێزی ئاسمانی ژمارەیەك هێرشی کردە سەر ژێرخانی سەربازیی کۆگاکردن و سەکۆی هەڵدانی مووشەك لە ناوەڕاستی ئێران، بەڵام تا ئێستا بەرپرسانی ئێران ڕوونکردنەوەیان لەبارەی ئەم هێرشەوە نەداوە".

لەلایەکی دیکەوە چەند پێگەیەکی شاری قوم بەردومان کرا و سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێرانیش ژمارەیەك مووشەك و بۆمبی تەقاندەوە. وتەبێژی بارەگای بەڕێوەبردنی پارێزگای قوم ڕایگەیاندووە: لە ئاکامی بەردومانی زایۆنی بۆ سەر باڵەخانەیەکی مەدەنی دوو کەس کوژراون و چواری دیکە بریندار بوون.